www.kurdistannet.org
25-7-2007 23:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

خۆزگە بە قەرەجەکان... ؟!! جەلال ئەحمەد بەرزنجی

سەرنووسەری گۆڤاری زەنگ

زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە کە ئێمە هەموومان توانج لەو کەسانە دەدەین کە لەسەر شەقامەکانن یان

خود ئەوانەی کە پێیان دەڵێن قەرەج، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەوان زۆر خۆشحاڵن بە ژیان و هیچ گرفتێکیان نییە، بەڵام ئێمەی شارستانی لە هەموو لایەکەوە گرفتمان هەیە، تەنانەت ئەوە کاتانەی لەسەر جێگاکەی خۆشمان درێژدەبین و دەمانەوێ کەمێك بحەسێینەوەو تۆزێك بچینە نێو دونیای خەیاڵەوە، ناتوانین بە ئازادی بخەوین و هەر بیر لە کارەکانمان و ژیانمان دەکەینەوە، بیرلەوە دەکەینەوە چۆن کرێی خانوو بدەین کە بەیانی نا دوو بەیانی خاوەن نوسینگەکە دێتە بەردەرگاو داوای کرێم لێدەکات، هەروەها بیر لەوە دەکەمەوە کە چەند رۆژی ماوە بۆئەوەی کرێی مۆلیدەکە بدەم کە ئەویش ئێستا زیادکراوەو جاران هەر باشترێك بوو کەم بوو پارەکەی بەچەند رۆژێك دەم توانی جێبەجێ بکەم، بەڵام ئێستا تەنیا پارەی مۆلیدەکە لەبنت دێنێ.

رەنگە زۆر کەس دوورو نزیك پێم بڵێم، ملیۆنەری و مانگانە زیاتر لە چەند ملیۆنێك پارە وەردەگریت، بەڵام ئەو نازانێ کە هەتا دەگەمەوە سەری مانگ دەبێت لە سێ چوار جێگا قەرزی بۆ بکەم، وە تاوەکو قەرزەکەش دەدەمەوە چەقی چاوم دەچێت.

بیرکردنەوەکانی شەوانەش هەر باس ناکرێن، بیر لەوە دەکەمەوە بۆچی کرێی مۆلیدەکە ئەوەندە زۆرە؟!، باشە خۆ دەبێت یەك مانگ راکەیت تاوەکو موکافەئەیەکی لەو چەشنت بۆ دەنووسن، ئەویش ئەگەر بۆت بنووسن، دەبێت بیدەیت بە کرێی مۆلیدەکە، ئەوە هەرباسی خواردن و کرێی تاکسی نەفەراتەکەش هەرمەکە!!.

نیوەرۆیەك لەگەڵ تاکسییەکی نەفەرات دەچوومەوە بۆ ماڵەوە خاوەنی تاکسییەکە پێی گوتم"ئەرێ ئێوە رۆژنامەنووسن مانگێ چەند ملیۆن وەردەگرن"؟!!!!

منیش پێم وت: ملۆنی چی؟ ئەویش وتی: بابا ماڵی حکومەت هەمووی بۆ ئێوەیە، ئێوە زیاتر لە (3-4) ملیۆن موچەکەتانە!!

منیش پێیم گوت، کاکە گیان موچەکەمان ئەوەندە نییە، بەڵکو (250000، تاوەکو 400000) هەزار دیناری بریمەرە ئەویش ئەگەر هەر زۆر زۆر خۆت ماندوو بکەیت و لە چەند جێگایەك کار بکەیت، بەڵام ئەو هەر قەناعەتی بە قسەکانی من نەهێناو لەسەر قسەکەی خۆی سوڕبوو.

بۆیە منیش دەڵێم"حۆزگە بە ژیانی قەرەجەکان" لەبەرئەوەی ئەوان زۆر ژیانیان لە ئێمە خۆشترەو هیچ گرفتێکیان نییە، ئەها کرێی خانوو، ئاو و، کارەباو، تاکسی و.... هتد.

تۆ بڵێی کەسێك هەبێت هاوکاری ئەو کەسانە بکات کە رۆژنامەنووسی خۆبەخشن و ماوەیەکی زۆریشە خزمەت بە بواری رۆژنامەگەری کوردی دەگەیەنن و دەستێکی باڵاشیان هەیە لەو نێوەندەدا، بەڵام کەس لێیان ناپرسێتەوە، تۆ بڵێی ئەو رۆژە دابێت ئەو ئازارانەمان بیر ببنەوە؟!!!!!

ئەگەر دوای (200) ساڵی تر ئەو خەونانە بێتە دی هەر باشە، بۆ نەوەی نەوەشمان بێت خراپ نییە، خۆ موچەی رێزلێنانیش نەماوە بۆئەوەی بڵێن موچەی رێزلێنانمان دەبێت بۆ ماڵ و منداڵەکانمان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.